www.kurdistannet.org
5-10-2006 23:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئاڵاکەمان سمبولی کوردە نەک کوردستانی ... کـــــــــونجــرینی



لەمێژووی عێراقی ڕابردوو تا ئێستاش، گەلێک جار مشت و مڕ لە سەر ئاڵاکانی عێراق دەروست بووە، لە نێوان نوێنەرانی کوردو دەسڵاتدارانی عێراق دا، کە هیماو نیشانەی کوردی تیا نی یە، بەتایبەتی کێشەی ئەم دوای یەی کورد و حکومەتی عێراق، کە لایەنی کورد، بەتەواوەتی لەدوو لایەنەوە پێی پەسندنیە، لایەنێک کە تاوانەکانی ڕژێمی سەدام لە ژێر ئەم ئاڵایەدائەنجام دراوە، لەلایەکی ترەوە هیچ نیشانەو هیمای بۆ بوونی کورد لەم ئاڵایەدا نی یە، بۆیە کورد بەهیچ شێوەیەک دان نانێت بەو ئاڵایەو بەدروشمی دژ بەخۆشی دەزانێت.

ئەگەر چی زۆر لەمێژنی یە کورد خاوەن ئاڵایەکی سەرتاسەریە، لەهەمان کاتدا بە ئازادی نەیتوانی وە بڵندی بکاتەوە، بەهۆی ئەوەی سادەترین مافەکانی لە چواردیواری ئەو وولاتانەی بەسەریدا دابەشکراوە لێ زەوتکراوە، هەروەها لە ناو شۆڕشەکانیشیدا بیرۆکەیەکی یەکگرتوو نەبووە بۆ بڵندکردنی سمبولی ڕێز کە ئاڵایە، لێک ترازاندنی ڕیزەکانی کورد بەهۆی شەری براکوژی و ناجۆری جوگرافیای کوردستان و نەبوونی پاڵپشتی دەرەکی لە ڕووی دیبلۆماسی و بنەما دەستووری و یاساییەکانەوە بۆ وەدەست هێنانی لانی کەم لە هەندێک لە مافەکانی وەک گەلێک بێ بەش بووە.

داگیرکردنی کویەت لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە، وەک شانسێک بۆ کورد هاتە گۆڕێ و خاڵی وەرچەرخان بۆ کورد وەک هەلێک قۆزرایەوەو ڕاپەڕینی کردە سەرتای گۆران و گەلانی جیهانی بەئاگا هێنا لەمێژووی زوڵم و زۆر وە هانیدان بۆ هاوکاری و پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی.

ڕاپەڕین زۆر شتی بۆ کورد دەستەبەرکرد، کۆک بوونی ماڵی کورد لەسەر بڵندکردنەوەی ئاڵای کوردستان، وانەی یەکەم بوو بۆ جێ بەجێکردن وبەئاگا بوون لەپیرۆزی یەکگرتن بۆ گەیشتن بەهیوا، مل ملانێ بۆ بوون و نەبوونی یەکگرتن خوێنی ڕۆڵەکانی کردە قوربانی، هەرچەندە ڕابردووی پاش ڕاپەڕین تاڵ وتفت بوو بەهۆیی سستی هوشیاری نەتەوەیی تاکی کورد و زاڵبوونی هەستی حیزبایەتی بەسەر پارتەکانی کورستان دا، بەڵام لەهەمان کاتدا هیوایەک بۆ دوا ڕۆژی یەکگرتن ڕۆژانە خۆی بنیاد دەنا، دەکرێت

بکرێتە سەرچاوەی ئەو هیوایانە کە ئێستا ڕووەو ئاسۆمان دەبات، سەرەتای یەکگرتنەکەش ڕوانگەی کورد لەژێر پەرچەمی ئالایەکدایە، کە هەموو کورد بەڕیزەوە بەرزی دەکاتەوەو بە بوونی خۆیی دەزانی.
ئێوارەی 4 لەسەر 5 سێبتەمبەر /2006 لە مێزگردێکدا کە بەناوی دیدار، لە کەناڵی کوردسات دا کاک عارف قوربانی زۆر بە ووردی و بە جوانی کێشەکانی کەرکوکی بۆ بینەران و سەرکردایەتی کورد ڕوونکردەوە.
کاک عارف قوربانی نوسەرێکی باشی دێرینە و دەرکەوتەی پاش ڕاپەڕینە، بەهۆی نوسینەوە کۆمەڵێک خزمەتی بە گەلەکەی لە ڕووی سیاسی و نەتەوەی یەوە گەیاندووە.
لەقسەکانیدا کۆمەڵێک پێشنیاری خستە بەردەم سەرکردایەتی کورد بۆ کێشەی کەرکوک لە ناویاندا ئالای کوردستان بوو، کەداوای کرد ئالای کوردستان هیچ نیشانەیەکی بۆ نەتەوەکانی تری کوردستان نیە، کەدەکرێت لە پاشاڕۆژدا ببێتە کێشەیەکی سەرئێشە لە ڕاپرسیدا بۆ گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر کوردستان.
هەرچەندە کاک عارف هیچ ووشەیەکی نەدرکان دەربارەی چۆنی یەتی دەستکاری کردنی ئالاکەمان تابکرێتە ئالایەکی کوردستانی نەک هەرهی کوردبێت.
من لێرەوە پێسنیار دەکەم و هەمان کات دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی کاک عارف، بۆ ئەوەی ئالاکەمان بەتەواوی بکەینە نیشانەی برایەتی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی، پێویستە بۆ هەرنەتەوەیەک لە کوردستانی گەورەدا، ئەستێرەیەک لە چوار دەوری خۆرەکە دەستنیشان بکرێت، بەڕەنگاو ڕەنگ کەهەر ڕەنگەی هیمایەک بێت بۆ گەلێک، وەخودی ئەو گەلانە ڕەزامەندی لەسەر ڕەنگەکەی نیشان بدەن.
بەم کارە هەم سەرنجی ڕای گشتی بۆخۆمان ڕادەکێشین و هەمان کات گەلانی تری کوردستانی دەکەینە سەربازی پاراستنی خاک وئالاکەمان.

12. سێپتەمبەر. 2006
kuncrini@yahoo. de